# گومانلێکراوه بێدەسەڵاتەکان

**بەشی دووەم  کۆتایی...**

**عەتا مەلا کەریم**

ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە ئێستا لە ناو سیستمی دادوەری ئینگلیزیدا زۆر جێگای مشتومڕەو بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرێت و داوای چاکسازی دەکرێت، بەڵام مەبەستی ئەم باسە پێویستی بوونی سیستمێکی لەو شێوەیەیە و دوای ئەوە دەتوانین بێینە سەر کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی. واتە ئێمە لێرەدا باس لە نەبوونی شتێک دەکەین نەک کەموکوڕی شتێکی بەرقەرار. ئەگەر بێینە سەر ووردەکارییەکانی ئەو بڕیارە و بڕیارە لاوەکییەکانی وەک ئەو کاتەی کە دەکرێت گومانلێکراوێکی بێدەسەڵات بەبێ ئامادەبونی کەسێکی گەورەی گونجاو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز بکرێت وەک لەکاتی بەپەلەو لەو کاتانەدا کە دواخستنی کێشەکە پێدەچێت زیانی گەورەی لێبکەوێتەوە یان تاوانبارانی دیکە کەڵک لەو کاتە وەربگرن یان زیان بە گومانلێکراوەکە خۆی یان قوربانیانی تاوانەکە بگات بەهۆی ئەو دواکەوتنەوە، لێرەدا پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر دەبێت و دەبێت وەک پرۆژە یاسایەک  لقوپۆپی جیاجیای لێبببێتەوەو هەموو لایەنەکانی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندی قوربانیانی تاوان و بەرژەوەندی گومانلێکراوانیشی تێدا ڕەچاو بکرێت.

زۆرجار کەسانی گەورە کە منالەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە بە گومانی ئەنجامدانی تاوانێک گیراوە ئەوەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت ڕاستی بە پۆلیس بڵێت ئەو بۆ ڕازیکردنی دڵی دایکوباوکی و پۆلیسیش لە خۆیەوە درۆیەک لە دژی خۆی هەڵدەبەستێت. لێرەدا ئەرکی ئەو کەسە گەورە گونجاوە ئەوەیە کە ئامۆژگاری ئەو منالە بکات و تێیبگەیەنێت کە پێویستە تەنها لەسەر ئەو شتانە ڕەزامەندی بنوێنێت کە لەسەدا سەد دڵنیایە ڕاست و دروستن و پێویستە بزانێت کە ئەو ئەرک و مافی هەیە. هەر گومانلێکراوێک ئەرکی ئەوەی لەسەرشانە کە بە ڕاستی وەڵامی پۆلیس بداتەوە بەڵام مافی ئەوەشی هەیە لەو شوێنەدا کە وا نییە بڵێت نەخێر و پۆلیس بە درۆ بخاتەوە.

لێرەدا کۆمەڵێک کێشە دێنە پێشەوە؛ ئەو کەسە کە بە کەسێکی گەورەی گونجاو دانراوە لەو کێشەیەدا تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندی ئەو منالەی دەوێت؛ کێ دەڵێت کێشەکەی لەگەڵ ئەودا نییەو بەڵام منالەکە ناوێرێت یان ڕوی نایەت دەنگ بکات؛ کێ دەڵێت ئەو کەسە شارەزای ماف و ئەرکی خۆی و منالەکەیەو نابێت بە فشارێکی زیاتر لەسەر منالەکەو وای لێناکات کە خێرا کێشەکە بەسەر خۆیدا بسەلمێنێت و ئەمیش لەو عەیبەیە قوتاری ببێت کە گوایە منالەکەی هێناویەتیە سەر شانی! کێ ناڵێت ئەو کەسە گەورەیە خۆی کێشەی کەمئەندامی ئەقڵی و دەروونی نییە؟ ئەمانە و چەندەها کێشەی دیکە ئەگەری ئەوەیان هەیە سەرهەڵبدەن؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نەبوونی ئەو سیستمە باشترە بەڵکو هەر سیستمێکی زیندوو دەبێت بەردەوام پێیدابچێتەوە و کەڵک لە لایەنە لاوازو کەموکوڕییەکانی وەربگرێت و بەردەوام بەرەو پێشی بەرێت چونکە گەڕانەوە بەرەو دواوە مەحاڵە.

هەر گومانلێکراوێک کە دەگاتە بنکەی پۆلیس مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕێنومایی یاسایی بکات. ئەم مافە لە زۆر وڵاتدا چەسپاوەو لە زۆر شوێن بە خۆڕایی و لەسەر ئەرکی دەوڵەت پارێزەر بۆ ئەو کەسە دابین دەکرێت. بەڵام کەسێکی گومانلێکراوی  بێدەسەڵات چ منال بێت یان

کەمئەندامی ئەقڵی چۆن دەزانێت ئەو مافەی هەیە و چۆن لەو مەسەلەیە تێدەگات و چۆن متمانە بەو کەسە دەکات تا داوای ئامۆژگاری لێبکات. ئا لێرەدا بوونی کەسێکی گەورەی گونجاو پێویستیەکی ژیانییە.
پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێت کە کەسانی بیانی و نامۆ بەو وڵاتەی کە تێیدا دەستگیر دەکرێن هەمدیس پێویستیان بەوە هەیە کە بە زمانێک کە تێیدەگەن ئەرک و مافەکانیان بۆ ڕونبکێتەوە، واتە هیچ  چاوپێکەوتن یان وەرەقە ئیمزاکردنێک بەبێ ئامادەبوونی وەرگێڕ ئەنجام نەدرێت. شایانی باسە زۆر لە پارێزەران لە ئینگلتەرە چونکە زۆر متمانە بە وەرگێڕی تایبەتی پۆلیس ناکەن کە بێلایەنانە کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن، وەرگێڕی تایبەتی خۆیان وەک چاودێر دەبەنە ژووری چاوپێکەوتنی پۆلیس؛ کە هەر نەبێت دەبێتە فشارێک لەسەر وەرگێڕی پۆلیس کە ئەو کارە بە بێلایەنانەو پاکی ئەنجام بدات. ئەم کارە ڕۆتینێکی یاساییە ئەگینا ئەگەری ناپاکی یان کەمتەرخەمی لەوکارەدا زۆر کەمە.
دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە هەموو گەورەیەک کەسێکی گەورەی گونجاو نییەو نایەوێت، یان ناتوانێت بەرژەوەندی ئەو کەسە بێدەسەڵاتە بپارێزێت. هەر بۆیە زۆر کەس لە شارەزایان پێیان باشە کە کەسانێکی تایبەت بەو کارە لەلایەن دەوڵەتەوە دابمەزرێن و ڕاهێنانی پێویستیان پێبکرێت و لەکاتی پێویستدا لەگەڵ دایکوباوک یان کەسوکاری کەسی گومانلێکراودا ئامادەی چاوپێکەوتنی پۆلیس بن و لەوە دڵنیا بنەوە کە ئەو چاوپێکەوتنە بەبێ هیچ فشارێکی جەستەیی ودەرونی ئەنجامدراوەو ئەو کەسەش بەتەواوی لەو کێشەیە تێگەیشتووە کە لەسەری گیراوەو پرسیارەکان تێگەیشتووە و وەڵامەکانی ئەوەن کە خۆی دەیەوێت و باوەڕی پێی هەیە.
(Pierpoint (2006:219 دەڵێت کە باشترە ئەو کەسانە کە بۆ ئەو کارە دادەنرێن کەسانێکی خۆبەخش بن و کارمەندی دەوڵەت نەبن و بەتەواوی بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی بکەن. لێرەدا ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر کارمەندی دەوڵەت بن ئەوا دەبنە بەشێک لە پۆلیس یان هەر نەبێت لە سیستمی دادوەری و بێلایەن نابن.  ئامادەکردنی ئەو کەسە خۆبەخشانە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاند کارێکی سەخت نییە و زۆر کەس ئامادەن بەو کارە هەستن؛ ئیتر وەک کارێکی خێرخوایی بێت لە کاتێکدا کە پیرو پەککەوتەن و توانای کاری دیکەیان نەماوە، یان بەهۆی هەر کەمئەندامییەکی جەستەییەوە توانای کاری دیکەیان نەبێت، یان وەک خۆ ڕاهێنانێک بۆ کارێکی دیکە کە پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەبێت، کە ئەمە وەک مەرجێکی خوێندن وایە بۆ زۆر لە خوێندکاران کە لەماوەی خوێندنیاندا لەو بوارانەدا کە دواتر دەیانەوێت کاری تێدا بکەن کاری خۆبەخشی ئەنجامبدەن و تەنها مەسرەفی هاتوچۆیان بۆ سەرف دەکرێت.
بێگومانم کە هەبوونی سیستمێکی لەو بابەتە لە کوردستاندا دەکرێت بەر لە زۆر کێشەی لەبارچونی داد بگرێت و زامنی داد بکات بۆ هەمووان بە منداڵ و کەمئەندامانیشەوە. ئەگەرچی ئەم کارە پێچەوانەی ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێت: قسە یان لە شێت وەربگرە یان لە منداڵ!

لێرەدا من دوو بەسەرهاتی کورت  لەسەر ئەزمونی کوردستان دەگێڕمەوە:
یەکەم: سوپای ئێراقی بە چەندەها فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و سەربازێکی زۆرەوە لە پارەزان دابەزی بوون. خەڵکیان لەبەردەم ئاوایدا کۆمەڵ کردبوو ژن و منداڵ بە جیاو پیاو بە جیا. ئەفسەرێک پرسیاری لە قالە شێتی ڕەحمەتی دەکرد، کەسێکی خەڵکی گوندەکەش ووتی قوربان ئەوە شێتە. کابرای ئەفسەر ووتی دەزانم، ئێمە کەڵک لە قسەی شێت و منداڵ وەردەگرین. قالەش وەک کەسێک بڵێت من زۆر لە تۆ ئاقڵ ترم بە ئەفسەرەکەی ووت: موخەبەڵ، موخەبەڵ!

**دووەم: کۆمەڵێک پێشمەرگە کەسێکیان گرتبوو بە گومانی سیخوڕی ڕژێم. دیارە ئەو کەسە یان لاوازی فێربوونی هەبوو یان کەمئەندامی ئەقڵی بوو. کە دەیانووت تۆ سیخوڕیت، دەیووت ئەرێ وەڵڵا. کە لەگەڵیدا هێواش دەبونەوە دەی ووت نەوەڵڵا، کاتێک کە خەریک بوون جارێکی دیکە بێنەوە وێزەی دەیووت بەرێ وەڵڵا.**
**لەناو پێشمەرگەکاندا کەسێکی ژیرو بەویژدانیان ووتبووی کاکە ئێوە ئەو کابراتانە کوشت، ئەمە چییە ئەرێ وەڵڵا، نەوەڵڵا بەرێوەڵڵا، وازی لێبێنن با بڕوات بەخوا تەڕەماشیش نییە.**

---------------------------------------------------

سەرچاوەکان:


Dixon, D., (1999) ‘Police Investigative Procedures: Changing Legal and Political Contexts of Policing Practices.’ In Walker, C., & Starmer K. (eds.) *Miscarriages of Justice: A review of Justice in Error.* London: Blackstone Press Ltd.
Fennell, P. W. H., (1994) ‘Mentally Disordered Suspects in the Criminal Justice System’, *Journal of Law and Society*, Vol. 21, No. 1, the Royal Commission on Criminal Justice (March), pp. 57-71.
Maguire, M., & Norris, C. (1994) ‘Police investigations: Practice and malpractice,’ *Journal of Law & Society* (21) 72.
NACRO (1991) *Revolving Doors*. NACRO Publications.
Pierpoint, H. (2006) ‘Reconstructing the Role of the Appropriate Adult in England and Wales’, *Criminology and Criminal Justice,* vol. 6(2) 219-237 sage Publications.
*Police and Criminal Evidence Act 1984* (s.66 (PACE) *Code of practice C*. Home Office. Crown.
Available from:
http://police.homeoffice.gov.uk/news-and-publications/publication/operational-policing/PACECodeCH.pdf?view=Binary
Accessed: 28 Dec. 06
Zander, M. (1995) *The Police and Criminal Evidence Act 1984*. 3rd ed. London: Sweet& Maxwell.